www.kurdistannet.org
13-6-2003 1:02

# شۆڕشی ژن

حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ



<< ئەم شیعرە پێشکەشە بە ووشە و هەڵوێستی شەهیدی ژنانی کورد
لە لەیلا قاسم –ەوە بۆ لەیلا زانا،،،،،، >>)*

//// سووچی شەوە وا قاتڵی پەروانە چرایە //// نالی

یەکەم :
هێمنیی سەرپۆشی زیوینی داوە بەسەر وەرزەکانی مێشك و دەروونتا
عەشق و ئەشك و هیوا و سووتان، قەتماغەی ئارامییان لە ڕۆحتا بەستووە
کازیوەی ترۆپکی کوودەتا و شۆڕشێ ؛
بە جۆرێ دووباڵی کێشاوە بە سەرتا،،
ئەدگار و ڕووخساری ماتەم و بێروونت بە پاچی قەڵەمەکەت
سەهۆڵبەندانی نێو هزریانی دەشکاند!!
دەتەوێ خەرمانی زامە پڕ برینەکان
بۆ هەرد و هەواری ئایندە بچنییەوە،،
فڕێیان بدەیتە ڕووباری عومرەوە،،
جیهانێکی تازە،، ئەستێرەیەکی نوێ بۆ وڵاتی کەنەفت و ماندووت بدۆزییەوە
– -بە چەشنی هەنگێکی باڵقرتاو ؛
بەدەم یاساوڵی کزەبای نیشتمانی سکڵەوە
هەر ئەملا و هەر ئەولاتە،،
هیوا بێ سنوور و بێ تخوب و بێ مەودایە،،
ئاوات، ئاواتی خنکاوی نێو سینەیەکی سیخناخ
گلۆڵەیەکی ڕەنگاو ڕەنگە و وا بە چنگی پشیلەیەکی هەتیوەوە ئاڵۆزکاوە،،
تەنیایی، لە نسێ و هەورازی ژینتا، لە چاوی کەسیرەبووی باڵندەیەکی بەر ڕەشەبای وڵاتی شەختە و سەهۆڵبەندان دەچێ،، !!
دیدەی چرۆی هەلاڵەی چاو نەپشکووتووی بێ بەهاریت دەگێڕی
چاوانی بڕیارت،
بۆ هەودای ڕێبوارێکی هاودەم دەگێڕی،، هەڵوەدای هاوڕازی ژیانتە
هاوڕازێ :
گریانی ساردی نێو دەروونی نامۆی گەرمی بۆ ئاشناکەی،،
ئەتەوێ بۆ ئەو بژیت،،
تەنیایی خوێن وشك دەکا
بە کەناری عومری ژینی " مەمرەو مەژی " دا ڕامەبوورە
ڕۆخ و کەنار،
ژینی ئەورۆ و مەرگی سبەی

www.kurdistannet.org
13-6-2003 1:02

فێره وەرزبوون دەکا،،،،،، !!!!!

دووەم :

هیلاکی بەسەر گیانتەوە ڕەگوڕیشەی داکوتیووە
بەهار و ئازادی و ئایندە : چەشنی گەڵای وەریو بۆ خەزانی تەمەن دەشنێنەوە،،
تارای بووکێنی ئەوینت، پاییزییە و خۆراوا،
زەرد،
زەرد، دەچێتەوە، !
خۆت وەردەدەی لە باخچەی دڕکاوی ژانە ڕواوەکانی سەرسەکۆی هێلوونتەوە،،
دەتەوێ هەر بۆ ئەو بژیت،،
دەتەوێ هەر بۆ ئەو بمریت،،

دەنگی ئایندە //
دارستانی ناخی ماندووت
لە جێژووانی تەنیاییدا
لە ئەستێرکی گەردەلوولە شێتەکاندا تاودەستێنێ
مۆمی لاواننەوە و دڵنەوایی
تارمایی خەونی سپی ڕاودەنێ
کاسەی سەری بێ بژوێنت
بە نێو کۆشی شەوی تاڵا هەنگاودەنێ
هێلانەی تاریکی کلۆکۆی دادەمرێ،،، !
سێیەم :

ڕازی هۆنراوەیەکی سەرشێت و ئازا
هەردەم لە دووتوێی دارئەرخەوانی دڵتا
سروەی سەبوورییەکی بێکۆتایە و لە بینایی شەوی تارا
پرشنگی ئەستێرەیەکەو لە بینایی ئاسمانی وڵاتی جەللادەکانا دەدرەوشێتەوە،،
دەنگی ئەوەی دووەم:

لە قەشەنگی وجوانیی بێ هاوتای تۆدا
ئاسمان، بارانی هەور و
چاوی ڕووباری بیرچۆتەوە،،، !

دەنگی شاعیرێ :
من ساتێکی ئەبەدی و
تۆش حەزێکی بێ ئۆقرەی چاوکاڵ
لێم زیز دەبی و خۆت دێیتەوە

وەك گەمەی نێو باخچەی منالْ

چوارەم :

شەوێك لە خەوما شای پەریان تۆ بووی

سواری هەردوو بالْی هەور و ئازادی دەبووی،،

دەروازەی نێو بەهەشتی ئەسێرە ونبووەکانت دەکردەوە،،

لە ئاسۆوە، ئەو فریشتانەت ئاودیوی مێژوو کردەوە

کە ئەورۆکە فێری ئەوین و خۆشەویستی وژیانی کردووین،،

لە خەوما، هۆرەی گۆرانییەکی کوێستانی بووی

شەپۆلێکی بێ تەیمان بووی،،، شەپۆلێکی تووڕە و وەبەر بووی

کە نزیکتر دەبوویتەوە،،، لە کەناری بێدەنگیما دەتوایتەوە،، !!

لە خەوما، پەیامنێرێکی ڕۆح سووك بووی،

یاریت بە پرچی ئالْتوونی خۆر دەکرد،، دەتوویست بۆی بهۆنیتەوە،، !

لە خەوما،

بارانێکی پایزیی بووی،وەك سەرخۆشێ

بەسەر کێلْگەی تراویلکەی بێ وەرزیما ڕادەبووری

ئیدی تینووێتی سالآنی ئایینده ی تەمەنم دەشکا و

پرووشەی نیگەرانیم دەڕەوی،،،،

دەنگی نەوەی سێیەم :

تۆ پەری بەهەشتێکی چاو ڕەشی و

ئازارێکی چرنووك سپی

لە جەستەی بێ هەستم دەگری،

لە خۆشیدا دلْم دەگریی !!

پێنجەم :

چرپەی دەمەوبەیان، نارەی خامەی دەستی منیش، لەناکاوا وەئاگا دێنێ !

بە تەنها فوویەك، ترپەی دلْی ڕمووزنە دڕندەکان دەوەستێنێ

دەنگێ لە نێو جەرگەی شۆڕشەوە :

دلْی هەستم بۆ ئا ئەو مقۆمقۆیە

---

هەر چاوە و هەر گوێیە!!

چی دەلْێن و چیش نالْێن

من وا گوێم لێیە،،، !

دەنگێکی تر :

نهێنی خوای سروشتی زانیوە !

دەنگێکی دی :

ماچی پرچی هەتاوی کردووە !

دەنگێکی دیکە :

---

چاوی هەڵۆی ئاسۆی فڕاندووە !

دەنگی مێژوو :

کە بینیمیت ؛ هەموو جەستەت ببووە بڵێسەی ژیلەمۆ

لە تونێلی ئەم گەردوونە پرسەیر و سەمەرەیەوە

تۆ چراخانێ بووی ماڵی هەژارانت ڕەوشەندەکردەوە،،

دڵی تووڕەی شاعیرە شێتەکانت ئاشتدەکردەوە،،،

ڕووباری نووستووی نیشتمانی سووتماکت وەهۆش خۆ دەهێنایەوە،،،، !

تۆ چراخانێ بووی ؛ برووسکەت لە نێو ئاگری < وڵاتی خۆڵەمێش >دا دەگەشایەوە !

لە خەڵوەتی شاعیرە شێتەکانەوە،،

لە هەگبە و پەراوێزی پایتەختی سەرخۆش و بێهۆشەوە،،

لەسەر قەدی ئەرخەوان و لەسەر کێلی گۆڕستانە بێشوومارەکانی

زیندووە بەزۆر مردووەکانەوە،،،

لە نێو نامەی دەستی لەرزۆکی ئەو ئاشقە ژێردەستانەی

بە چرپە، لە جێژووانی ماڵوێرانەوە

بە تایتڵێکی گەورە نووسرابوو :

" ئەوین پەرستێکی چاوکاڵ پەروانە بوو،،

شەوانە لە دەوری ئەو چرایە دەگەڕا لە بن گوێسوانەی ماڵی هەژارانا

کز

کز دەسووتا،،،،

بە دەوری ئەو پزیزکەدا دەخولایەوە

کە شاعیرە ڕەنگ زەردەکان پێی سەرمەست بوون

اچرایەك بوو بۆ ڕێی نووتەکی ئەو لاوانەی دێر زەمان بوو

دەنگیان کاڵ

کاڵ بوویبووەوە،،،،،،

دەنگی خۆم :

ئەو خانمە دڵگەورەیە

ئاشقی خۆربوو

دەیوویست هەناسەی شەوانی تار بنێژێ

ئاشق بە چرا و ڕووناهی

مات و سووتاوی نێو وڵاتی سیخناخ بە شەوە و مۆتەکەبوو

پەروانە بوو پەروانە،،

بە پوولەی ژین، بەلاتینگی مەرگ

بۆ دیدەنی تریووسکەی تاقە چرایێ

بە هێمنی و زۆرلەسەرخۆ،،

باڵەکانی هەڵپرووکاند

........................................................................

**هەناسەی تاهەتایی سپارد !!**

**ئەم شیعرەش بە چرپە ووتی :**

**چ لەیلا قاسم بێ وچ لەیلا زانا،،**
**چ هەزاران لەیلای بزر و وندا**
**تریفەی مانگن،، دەنگی زوڵاڵی ئازادین**
**بۆ وڵات و هیوا و ئەوڕۆو ئاییندە،،**
**چیایەکن لە نەمریی و وان لە ویژدانا،،،،،،،، !!!!**

)*) ئەم شیعرە لە گوڵانی نەوەدو یەکی سەدەی پێشووەوە نووسراوە وشەهید
لەیلا قاسم بۆتە هەوێن و وەك سیمبۆل بۆ خەبات و جەنفیدایی بەکارمهێناوەو
شۆڕش و تێکۆشانی ئافرەت دەنرخێنێ،، شیعرەکە چ دەرفەتێکی بڵاوکردنەوەی نەبوو،، ئەمڕۆکەش وا چەندین ساڵە لەیلا زانا کە لە پای هەڵوێستێکی نەتەوایەتیدا لە زیندانی تورکیای تاریکستانا دەناڵێنێ،، ئەو خەبات و بزاوتە گرێدەداتەوە و دوو لەیلا دەخوڵقێنێ کە لە نێوانیانا کاروانسەرایەك لە لەیلا شەهیدەکان بۆ دیرۆکێکی سەرسەخت و نیشتمانێکی چاوسووری دڵسووتماك چێدەکەن،،،،،

**بۆ تایتڵی هۆنراوەکەش :)وەك نۆتەی مۆسیقی پێم جوانتر بوو بۆیە لە جیاتی – شۆڕشی ئافرەت – بەکارمهێناوە و لەبەر هیچ هۆیەك و بۆنەیەکی حیزبییانەش ئەم هۆنراوەیە نەنووسراوە و هەردوو لەیلاکەو هەزاران لەیلای دیکەش لە بیرەوەری و ویژا نمانا دەژین و " بەش بە حاڵی خۆم لە مناڵی و هەرزەکاریمەوە کە ناوی لەیلا قاسمم دەکەوتە بەرگوێ وەکو فریشتەو پەری و شتی وا دەهاتە پێش چاوم " بۆیە ئەم شیعرە وەك بڵێی لە لاشعورا خۆی مەڵاسدابوو "، ئەمڕۆکەش دوای دوانزە ساڵ کە ئازادی سەرێکی کزو مەلوول و شەرمن و جوانی لێوە دەرهێناوین هەقی خۆیەتی شیعرە کەش ڕووناکی وەبەرکەوێ)،،،،**

........................................................................